# کێشەی ژنانی تەڵاقدراو



***

**تەڵاقدان یەکێکە لەهەرە گەورەترین و پڕ گرفترین کێشـــە کە تووشی مرۆڤ دەبێت، لەبەر ئەوەی کە زۆربەی ئەو مرۆڤانەی کە بەم قۆناغەدا تێدەپەڕن تووشی گەورەترین و ناهەموارترین کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبن، واتە کاتێك کەکێشەی تەڵاق تووشـــی مرۆڤ دەبێت ئیتر ئەو مرۆڤە هەتا ماوە بەدەست ئاسوارەکانییەوە دەناڵێنێت و زۆر زەحمەتە بتوانێت خۆی لـــەو کاردانەوانە ڕزگار بکات کە دوای تەڵاق تووشی دەبێت، لێرەدا ئەوەی شایەنی باس و شیکردنەوە بێت وەك ڕوون و ئاشکرایە لای هەموومان زۆربەی تاکەکانی ناو ئەم کۆمەڵگەیە ئەو ڕاستییە دەزانێت کە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی کۆمەڵگەی ئێمە هەمیشە ئافرەتانی چەوســـاندۆتەوە، لەبەر ئەوەی کە کۆمەڵگەیەکی تەقلیدییە جا ئەگەر ژنێکیش تەڵاقدراو بێت، ئەوا کۆمەڵگە ئەوەندە ســـزای دەدات کە لەژیندا تەواو بێزاری دەکات، ئەوەندەیتر ئەو ئافرەتە بەستەزمانە تووشـــی کێشـــەی دەکەن، ڕووبەرووی قەیران و گیروگرفتی جۆراو جۆر دەبێتەوە.**

***

من زۆر لەم ڕۆژە دەترســـام کـــە بەتەڵاقدراو ناوبنرێم، ئەمـــە باوەڕی شـــەونم عومەر بوو کە فەرمانبەرە و ئێستا تەڵاقدراوە، ناوبراو وەك ئاماژەی پێدا زۆر دەترسا لەوەی کە ڕۆژێك لەڕۆژان تەڵاق بدرێت، چونکە لە وڵاتـــی ئێمەدا ژنی تەڵاقدراو هیچ جۆرە مافێکی نییە و کۆمەڵگە هیچ جۆرە مافێکی پێ ڕەوا نابینێت، ناوبراو وای دەبینی کە ژنان لـــەدوای تەڵاقدان لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا یەکســـانی مردن دەبن و هیچ جـــۆرە مافێکیان نامێنێت، لەبەرئەوەش بوو لەم ڕۆژە دەترســـام کە تیادا تەڵاق بدرێم و ببم بەکەسێکی مردوو، ناوبراو ئاماژە بـــەوەدەدات کە کاتێك کەهاتن بۆ داوای و پاشان ڕازی بوو دواتر لەو ڕۆژەدا کە تێیدا چووە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، هەرگیز چاوەڕێی نەدەکرد کە تەڵاقبدرێت.

مێردەکەم منی تەڵاقدا، چونکە دەیویست ژنی دووەم بهێنێت، ئەمە ڕای خاتوو شەهلا وەلی بوو، ناوبـــراو ئاماژەی بەوەدا کەئەو لەناو خێزانەکەیاندا ژیانێکی زۆر ئاســـایی دەبردەســـەر، بەڵام دوای ئەوەی کەمێردەکەی عاشـــقی کچێکی دراوسێیان بوو، من زۆر هەوڵمدا ژیانمان لێتێك نەچێت، بەڵام هەر ئەو ویســـتی ژنم بەســـەردا بێنێت و منیش ڕازیبووم کە ژنی دووەم بهێنێت، چونکە نەمدەویست خێزانمان تیکبچێت، بەڵام بەو حاڵەوەش ئەو منی تەڵاقـــدا، چونکـــە دەیزانی کە یاســـاکان ئەوەندە کۆت و بەنـــدی زۆری داناوە بۆ ئـــەو پیاوانەی کەژنـــی دووەم دێنن، لەبەرئەوە منـــی تەڵاقداو ئێســـتا من تەڵاقدراوم. هەمیشـــە کە لە شوێنێك لەناو برادەرەکانمدا دادەنیشـــم هەســـت بەوە دەکەم کەمـــن لەوان کەمترم، چونکە کـــچ ئەگەر قەیرە بێت زۆر ئاساییە، بەڵام ئەگەر تەڵاقدراو بێت زۆر

ناخۆشە، بەڵکو هەموومان ئەوانەی کەتەڵاقدراوین هەمیشە هەست بەوە دەکەین کە کێشەیەکمان هەیە و هەمیشە ڕووبەڕووی گەورەترین و ناهەموارترین قەیران دەبینەوە لەناو کۆمەڵگەدا.

کاتێک کە ناسنامەکەم دەردەهێنم شەرم دەمگرێت. ئەمەقسەی خاتوو کەژاڵ بوو، کە ماوە چوارساڵە لەمێردەکەی جیابۆتەوە، ناوبراو وای دەبینی کەیەکێك لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی ئافرەتانی تەڵاقدراو دەبێتەوە ئەوەیە کە لە ناسنامەکەیان نووسراوە تەڵاقدراوە، لەبەر ئەوەش لەهەموو شوێنێك و لەهەموو کاتێکدا ئەوان ئەوەیان بەبیردێتەوە کەتەڵاقدراون و هەستیش بەوەدەکەن کەهیچ جۆرە مافێکیان نییە لەبەر ئەوەی کە لەناو ناسنامەکەشدا غەدریان لێدەکرێت، ناوبراو ئەوەی خستە ڕوو، دەکرا لەجیاتی وشەی تەڵاقدراو وشەیەکی تر بەکار بهاتایە، بۆ ئەوەی ئەوەندە تووشی کێشەنەبوونایە، هەمیشە لەرووی دەروونییەوە ئازامان نەچەشتایە، واتا کۆمەڵگە ئەوەندە دڵڕەقە بەرامبەرمان یاساو حکومەتیش هیچمان بۆناکات.

هەرگیز هیچ پیاوێك ئامادەنییە من بخوازێت، چونکە تەڵاقدراوم. ئەمە ڕای خاتوو شەهێن عومەر بوو، وەك خۆی ئاماژەی پێدا ماوەیەکە تەڵاقدراوە، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان وەك ئافرەتانی تەڵاقدراو هەرگیز ناتوانن بۆ جاری دووەم بچنەوە بۆنێو قەفەزی زێڕین، لەبەر ئەوەی کە جاری یەکەم تەڵاقدراون و مێردەکانیان ئەوانی نەویستووە، ئیتر بۆجارێکی تر هیچ پیاوێك ناچێت بۆ داوایان، لەبەر ئەوەش ئەوان دەبێ هەتا ماون هەر بە تەنیا ژیان بەرنەسەر و هەرگیز هەست بەوە ناکەن کەڕۆژێك لەڕۆژان هاوسەرێکیان بۆ پەیدا دەبێت، هاوبەشێکی ژیان دەیانپارێزێت لەهەموو کێشەیەك، بەڵکو دەبێت هەر بەتەنیایی تەمەن بەرنە سەر هەتا ماون.

من تاوانم چییە بەتەنیا بژیم، ئەمە قسەی خاتوو هانا فەوزی بوو کە لەسەر داوای خۆی تەڵاقدراوە، هەرچەندە ئەو وەك ئاماژەی پێدا مێردەکەی زۆر خراپ بووە لەگەڵیدا ئەم داوای تەڵاقی کردووە، بەڵام ئێستا پەشیمانە، چونکە هەست بەوە دەکات کەزوڵمێکی لەخۆی کردووە لەبەر ئەوەی کە هیچ کەسێك نایەت بۆ داوای و دەبێت هەتاهەتایە هەر بەتەنیا بمێنێتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کەلەناو کۆمەڵگەشدا بەچاوێکی سووك تەماشای ژنی تەڵاقدراو دەکەن، بۆیە وەك ئاماژەی پێدا زۆر هەست بەپەشیمانی دەکات و نازانێت چیبکات، کۆمەڵگە دژایەتی دەکات و کەسیش لەڕووی دەروونییەوە هاوکاری ناکات، ئەمە بێجگە لەوەی کەهەمیشە هەست بەکەموو کوڕی دەکات.

خاتوو نەجیبە عوسمان وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی ئاماژەی بەوەدا کەکێشەی ژنانی تەڵاقدراو لەکۆمەڵگەی ئێمەدا لە دوای جیابوونەوەیان لەمێردەکانیان ڕاستەوخۆ دەستپێدەکات و ئیتر ئەو ژنانە هەموو تەمەنیان دەبێتە کێشە، لەبەر ئەوەی کەهەمیشە کۆمەڵگە تانەو تەشەریان تێدەگرێت و دژایەتییان دەکات، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییە و هەمیشە دژی ژنانی تەڵاقدراو دەوستنەوە، من بەڕای خۆم وای بەباش دەزانم پێویستە هەوڵبدرێت یاسایەك دەربکرێت کەهەندێك ئیمتیازاتی ماددی بدرێت بەژنانی تەڵاقدراو بۆئەوەی کە چیتر نەچەوسێنرێنەوە، ئەگەر لەڕووی ئابووریشەو توانا ئابوورییەکانیان بەهێزبکرێت، ئەوا تارادەیەك دەتوانرا بەشێك لەکێشەکانیان کەمبکرێتەوەو هەروەها دەبێت هەوڵبدرێت کە بە بەردەوامی کۆمەڵگە لە بارەی ئافرەتانی تەڵاقدراو وشیار بکرێتەوە بۆئەوەی چیتر بەم شێوەیە دژایەتی نەکرێن.

بەڕێز خاتوو هاژە ئەحمەد وەك پارێزەرێك ئاماژەی بەوەدا کە ئەو زۆر هەوڵیداوە، لەکاتێکدا کەیسێکی تەڵاقی لەلایێت هەموو مافەکان بۆ ژنەکە دەستەبەر بکات، بەڵام ڕەنگە زۆرئەوە ئەستەم بێت بەتایەبتی ئەگەر لەکاتێکدا ژنەکە داوای جیابوونەوەی کردبێت، چونکە وەك خۆمان دەزانین شتێکی ڕوون و ئاساییە کە ژنان دوای تەڵاقدان تووشی زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبنەوە، دیارترینیان ئەوەیە کە ئەو ژنانە ئیتر کەس نایانخوازێت و دەبێت هەتا هەتایە هەر بەبێوەژنی بمێننەوە، بەڵام من بەڕای خۆم دەتوانم بڵێم تاکە چارەسەر بۆ ئەم ڕێگەیە، لەوەدایە هەوڵبدرێت یاسایەك دەربکرێت کە مافەکانی ژن لەکاتی جیابوونەوەدا زۆرتر بکات، بۆ ئەوەی ئەو ژنە لەدوای تەڵاقدان بتوانێت بەهۆی ئەو پێگە ئابوورییەوە کەدەستی دەکەوێت سەر لەنوێ ژیان بۆخۆی دروست بکاتەوە، یان دەتوانرێت کە حکومەت هاوکارییەك دابنێت بۆئەو پیاوانەی کە ژنی تەڵاقدراو دەهێنن، بۆ ئەوەی بەشێك لەو ژنانە ئەو کێشەیان چارەسەر بێت کە دەڵێن ئیتر دەبێت بەتەنیا بین.

خاتوو شاناز عومەر وەك توێژەرێکی دەروونی ئاماژەی بەوەدا کەژنی تەڵاقدراو تووشی گەورەترین قەیرانی دروونی و کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەی ئیمەدا دەبێت، لەبەرە ئەوە پێویستە هەوڵبدرێت هەرچۆنێك بێت هەندێك مافیان بدرێتێ بۆ ئەوەی قەربووی بەشێکی کەمی کێشەکانیان بۆبکاتەوە، هەرچەندە قەربووی ماددی ڕۆڵێکی کەم دەگێڕێت بۆچارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام هەرباشترە لەوەی کەهیچ جۆرە فریادڕەسێکی نەبێت، چونکە گەورەترین کێشەی ئافرەتی تەڵاقدراو ئەو قەیرانە دەروونییەیە کە دوای جیابوونەوەی لەمێردەکەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، من وەك دەروونزانێك دەتوانم بڵێم تەنیا ڕێگە لەبەر دەستماندا ئەوەیە بتوانین ڕێگری بکەین لە غەدرکردن لەژنانی تەڵاقدراو، چونکە ژنانی تەڵاقدراو چەند جارێك غەدرییان لێدەکرێت، جارێك ئەو پیاوە غەدریان لێدەکات کە تەڵاقیان دەدات، جارێکی تر کۆمەڵگە غەدریان لێدەکات کە بەچاوێکی کەم تەماشایان دەکات. دابونەریتە تەقلیدییەکان ناهێڵن ئەو ژنە بۆجاری دووەم بتوانێت شووبکاتەوە و زۆرجاریش هەبووە باوك و دایکی ژنەکە جارێکی تر چەوساندوویانەتەوە، چونکە کچەکەیان تەڵاقدراوە، من وای بەباش دەزانم چیتر ژنانی تەڵاقدراو مافیان نەخورێت و هەوڵبدرێت هەموو مافەکانیان لەچوارچێوەی یاسایەکدا پارێزراو بێت کەکەس نەتوانێت زوڵمیان لێبکات.

بەڕێز خاتوو شیلان عەلی سەڵاح وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی وای دەبینی کە پێویستە هەوڵبدرێت، چیتر ژنانی تەڵاقدراو نەچەوسێنرێنەوە لەبەر ئەوەی کە زۆر لەو ژنانە گەورەترین کێشەیان دوای ئەوە دەستپێدەکات کە دەیانەوێت بچنەوە ناو کۆمەڵگە، بۆ نموونە هیچ پیاوێك ئامادە نییە ژنێکی تەڵاقدراو بخوازێت و بیکات بەهاوسەری، لەبەر ئەوە دەبێت بزانین کەژنانی تەڵاقدراو دەبنە قوربانی کۆمەڵگەکەی ئێمە، بەهەموو شێوەیەك تاکە ڕێگەش کەبەشێکە لەچارەسەری ئەویش ئەوەیە کە ڕێکخراوەکانی ژنان هەوڵبدەن بۆ ئەوەی کە مافەکانی ژنان پارێزراو بێت بەرێگەیەکی یاسایی، واتا دەتوانرێت کاتێك کەژنێك داوای جیابوونەوە دەکات بەشێکی زۆری مافەکانی بەرێگەی یاسا بدرێتێ و ڕێگری لێنەکرێت و هاوکاری بکرێت بەلایەنی ماددی و سەرجەم مافەکانی لەپیشەوە وەربگرێت، نەك لەوەرگرتنی مافەکانیدا دوابکەوێت و هیچی نەدرێتێ و هەندێکجار پیاوەکان ئەوەندە ژنەکانیان ئازاردەدەن کەواز لەهەموو مافەکانی خۆیان دەهێنن بۆئەوەی لەدەست پیاوێکی دڵڕەقی دڕندە ڕزگاریان بێت.

خاتوو شەهلا ئیسماعیل وەك ئابووری ناسێك ئاماژەی بەوەدا کەدەبێت لەدادگاکاندا بەر لەهەموو شتێك دادوەر بیر لەوە بکاتەوە کە ژنان دوای تەڵاقدان باری ئابووریان چی لێبەسەر دێت، واتا ئەگەر هەوڵبدرێت باری ئابووری هەموو ژنان باشبکرێت لەدوای تەڵاقدان، ئەویش بەدوو ڕێگە یەکێکیان هەموو ژنێکی تەڵاقدراو بەبڕێکی زۆری پارە هاوکاری ماددی بکرێن و ئەو پارەیەش لەمێردەکەی بسەنرێتەوە، دووەمیان هەوڵبدرێت هەموو مافەکان یەکجێ لەپیاوەکە وەربگیرێت، نەك قۆناغ بەقۆناغ لێی وەربگرێت، واتا ئەو کات دەتوانین بڵێین بەشێکمان لەکێشەکانی ژن چارەسەرکردووە، دەبێت ئەوە باش بزانین کەژنانی تەڵاقدراو هەرچەندە لایەنی ئابووریشیان باشبکرێت هەر کەمە، بەڵام لەوە باشترە کەهیچ هاوکاری نەکرێن.

**ئامادەکردنی: دیار سالار**

# من بۆ تـــ

من کچێکی لێقەوماوم، لە ناو کۆمەڵێك کەسدا ژیان بەسەر دەبەم، کە یاساو کۆمەڵگە بەتاوانبار تەماشامان دەکات، ئەگەر هەر کەسێکی تریش بێت لەجیاتی من، ئەوا بەڕاستی دەبێتە تاوانبار!! باشە من بۆ تاوانبارم بۆ ئەو پیاوانە تاوانیار نین کە لەگەڵمدا نووستوون؟ ئایا لەم وڵاتەدا تەنیا ژنان تاوانبارن هەر ئەوانیش دەبێت باجی هەموو هەڵەکانیان بدەن، ئەمە قسەکانی ڤیان بوو کە ئێستا لەناو یەکێك لە بەندیخانەکانی ئافرەتاندا ژیان بەسەر دەبات و بەسەرهاتی خۆی بەم شێوەیە بۆ گێڕامەوە.

## ژیانی خێزانەکەیان

من لەخێزانێکدا دەژیام لە حەوت کەس پێکهاتبووین، باوکم و دایکم پێنج منداڵ کەچوارمان کچ بووین هەروەها خێزانەکەمان هیچ جۆرە بنەمایەکی خێزانی تێدا نەبوو، چونکە باوکم ئاڵوودەی قومارکردن بوو، نەیدەتوانی وازی لێبهێنێت و دایکشم هیچ جۆرە بەرنامەیەکی تۆکمەی نەبوو بۆ ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەمان هەتاوەکو بتوانێت بەو بەرنامەیە ئێمە پەروەردە بکات، لەبەر ئەوە هەر کەسێك لە ئێمە بەئارەزووی خۆی ڕەفتاری دەکرد، کە ڕەفتاری ڕۆژانەی ئەندامانی خێزانەکەمان ببووە شوێن توانجی هەموو خەڵك تەنانەت خزم و کەسمان.

من وەك هەموو منداڵانی تر ڕۆژانە دەچووم بۆ قوتابخانە، بەڵام هیچ کام لەخێزانەکان نەیاندەهێشت منداڵەکانیان یاریم لەگەڵدا بکەن و زۆربەی منداڵەکانی گەڕەك توانجیان لێدەدام، منیش نەمدەزانی بۆچی و ئایە هیچ هەڵەیەکم کردووە یان دەبێت شتێك هەبێت کەمن وەهام لێبکات ئەم منداڵانە بەمجۆرە لەگەڵم بجوڵێنەوە.

ژیانی ماڵەوەشمان تادەهات ناخۆشتر دەبوو بەتایبەتی دوای ئەوەی کە تەمەنم گەورەتر دەبوو زۆر بێسەر و بەربوو، هەرکە ئێوارە دادەهات، چەند برادەرێکی باوکم لە ماڵەوە کۆدەبوونەوەو دەکەوتنە قومارکردن و مەشروب خواردنەوەو شەویش لەوێ دەمانەوە، دایکیشم لەجیاتی ئەوەی کە هەوڵبدات ئاگای لە ئێمە بێت هانی دەداین کە بچین لەگەڵ پیاوەکاندا قسەبکەین و گاڵتەو گەپیان لەگەڵدا بکەین، دەیوت ئێمە دەبێت تۆڵە لەباوکتان بکەینەوە، چونکە خێزانەکەمانی ئاوەها لێکردووە، ماڵەکەمان بەجۆرێك شێوابوو باوکم زۆربەی کاتەکان خەریکی خواردنەوەی مەی بوو، هیچ ئاگایەکی لەخۆی نەبوو ئەگەر ئێوارەیەك مێزی قوماری نەبوایە یەکسەر دەچوو بۆ یەکێك لەیانەکان و لەوێ دەستی بە مەی خواردنەوە دەکرد.

زۆرێك لەو پیاوانەی بەمەبەستی قومارکردن هاتوچۆی ماڵیان دەکردین، کەسانێکی داوێنپیس و شەرواڵپیس بوون و دووربوون لەهەموو بەهاکانی مرۆڤایەتییەوە، تەنانەت ڕۆژێکیان من ئاگام لێبوو کەباوکم لەدوای مەی خواردنەوەکە یەکسەر خەوی لێکەوت و یەکێك لەبرادەرەکانی چوو لەگەڵ دایکمدا نووست.

دوای ماوەیەك وردە وردە ئێمە گەورەبووین و تەمەنی من بووە نزیکەی شانزەساڵان، خەریکبوو دەبووینە شوێن تەماحی پیاوە مەشروب خۆرەکانی برادەری باوکم و هەندێکجار بەئاشکرا هەستم دەرکرد کەهەندێکیان تەماحیان تێکردووم و دەیانەوێت لەخشتەم بەرن و هەرچۆنێك بێت دەمویست خۆم بپارێزم و نەکەومە ناو ئەو گێژاوەوە کەخێزانەکەمان تێیکەوتبوو.

## سەرەتایەك بۆ لەرێگەلادان

دوابەدوای ئەوەی کە ژیانی ڕۆژانەمان بەم شێوەیە بوو، چەندین جار کوڕە گەنجەکانی دراوسێمان منیان هەراسان دەکردو داوای پێوەندی سێکسیان لێدەکردم، بەجۆرێك مامەڵەیان لەگەڵ مندا دەرکرد وەك ئەوەی کەمن مرۆڤێکی لەشفرۆشبم، لەکاتێکدا من کەسێکی ئاسایی بووم تاتەمەنی شانزە ساڵی هیچ جۆرە کارێکی سێکسیم نەکردبوو، بەڵام لەئەنجامی ئەوەی کەهەموو گەڕەك منیان بەلەشفرۆش دەزانی نەیاندەهێشت منداڵەکانیان یاریم لەگەڵدا بکەن، تەنانەت هیچ کام لەکچەکانی گەڕەك حەزیان نەدەکرد لەگەڵیان بچمە قوتابخانە.

بێگومان ڕۆژانە کوڕانی دەورپشتی گەڕەکی خۆمان دەهاتنە سەر ڕێگام و زۆر هەراسانیان دەکردم، ئەوەبوو سەرەتا من و هەموو خوشکەکانم ئەمەمان ڕەت دەکردوە و هەمیشە دەمانویست ناوبانگی خۆمان بپارێزین، بەڵام دواتر ئەوەندە زۆر هاتنە سەر ڕێگەم ناچاریان کردم کەبکەومە کاری هەڵەوە.

کوڕێکی دراوسێمان هەبوو ناوی ئاری بوو دوکاندار بوو، هەموو بەیانییەك دەهاتە سەر ڕێگام و داوای پێوەندی خۆشەویستی لێدەکردم، منیش ناچار بووم ڕۆژێکیان وەڵامی بدەمەوە، ئەوەبوو سەرەتا وەك هەموو کوڕێکی تر کەوتە باسی ئەوەی کەمنی خۆش دەوێت، دەیەوێت لەژیانێکی نالەبار رزگارم بکات و خۆشی بۆ خێزانەکەمان بهێنێت و هەرچۆنێك بێت بمکات بەهاوسەری خۆی، چونکە من دەمویست لەماڵی خۆماندا نەمێنم و رزگارم بێت بەتایبەتی دوای ئەوەی کە دوو لە خوشکەکانم بەدەستی پیاوە قومارچی و مەشروب خۆرەکان لە ڕێگەی ڕاست لایاندابوو، من دەترسام وەك ئەوانم لێبێت، بۆیە دەمویست هەرچۆنێك بێ رزگام بێت، بەڵام ئەوەی من چاوەڕێم دەکرد هەمووی پێچەوانە بوو، سەرەتا بەمنی دەوت وەرە بابچین بۆ پیاسەکردن، ئەوەبوو بەیەوکەوە دەڕۆیشتین، تالەئەنجامدا توانی لەرێگەی ڕاست لامبدات و چەند جارێك کاری سێکسم لەگەڵدا بکات، هەرچەندە من سەرەتا رازی نەبووم، بەڵام ئەو دەیوت ئەگەر کاری سێکسم لەگەڵدا نەکەیت، ئەوا هەرگیز نایەمە داخوازیت و ناتهێنم، منیش ناچار بووم بۆ ئەوەی کە رزگارم بێت و لە داهاتودا بچمەماڵی خۆم، قبوڵم کرد.

دوای ماوەیەك ئاری پێی وتم ئەو ناتوانێت ژن بهێنێت، لەبەر ئەوە ئەگەر رازیت ئاوەها لەگەڵمدا بی، ئەگەر نا دەتوانیت وازم لێبهێنی، بەڵام من ناچاربووم، چونکە تازە هیچم بەدەستەوە نەمابوو، ئەوەبوو کە بڕیارم دا لەگەڵ کوڕێکی تردا پێوەندی دروست بکەم، بەڵکو ئەم بێتە خوازبینیم، ئەمیش هیچ، بەهەمان شێوە چەند جارێك منی فریودا و هیچی بۆ نەکردم، ئەوەبوو من وەك کاڵایەکی بێنرخم لێهاتبوو بەدەست کوڕانی گەڕەکەوە، تا دواجار لەگەڵ یەکێك لەکوڕەکاندا بەکاری سێکسیەوە گیرام، ئیتر من لەوساوە تائێستا لەزیندانندام و چاوەڕێی ئەوەم کەی ڕزگارم دەبێت.

من ئەوەتان لێدەپرسم ئایە من تاوانبارم یان باوکم کە ماڵەکەمانی کردبووە شوێنی هەوارگەی داوێن پیسەکان، ئایە من تاوانبارم، یان دایکم کەدەیویست تووشی لەشفرۆشیمان بکات بۆ تۆڵەکردنەوە لە باوکم، ئایە من تاوانبارام، یان ئەو کۆمەڵگەی کە منیان لەمنداڵیەوە بەلەشفرۆش دەزانی، ئایە من شایەنی ئەوەم دادگای بکرێم یان ئەو گەڕەکەی کە تۆڵەی دایك و باوکمیان

# ـــاوانبـارم ؟

لەمن دەکردوە.


**چارەسەرکردنی کێشەکە**

لێـــرەدا چاومان بە بەڕێز ئومێد ئیســـماعیل کەوت وەك پارێزەرێك ئاماژەی بەوەدا کە زۆربەی لەشفرۆشـــەکان تاوانبارنین، بەڵکـــو کۆمەڵگە دەیانکات بـــە تاوانبار، ئەگەر تەماشـــا بکەین ئەوانەی کەبـــەکاری لەشفرۆشـــیەوە خەریکن، زۆریان سەرەتا تاوانبار نەبوون، بەڵکو بەهۆی خێزانەکانیانەوە تووشی ئەم حاڵە هاتوون، بەڵام لەبەر ئەوەی کە لە یاســـای عێراقدا ئەوەی کە لەشفرۆشی بـــکات بەتاوانبار هەژمار دەکرێـــت، مـــن بەڕای خۆم چەنـــدە ئافرەتە لە شفر ۆ شـــە کە تا و ا نبـــا ر ە ،

ئەوەندەش ئەو کەسە تاوانبارە کە بۆتە هۆی ئەوەی کە لەشفرۆشەکە ئەم کارە ئەنجام بدات، لەبەر ئەوە بەڕای من وای بەباش دەزانم یاسایەك دەربکرێت بۆ ئەو کەســـانەی کە دەبنە هۆی دروست بوونی لەشفرۆشـــی، بەپێی یاسا لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێـــت، ئەمـــە بێجگە لەوەی کەمن بەباشـــی دەزانـــم،

لەکاتێکدا کـــە دووکەس لەکاتـــی ئەنجامدانی کاری سێکســـیدا دەســـتگیردەکرێن، پێویســـتە پیاوەکەش سزایەکی زۆر گەورەی بەسەردا بدرێت و بەمەبلەغێکی زۆر گەورەش غەرامەش بکرێت، هەروەها نابێت لەشفرۆشەکەش بەندە بکرێت، بەڵکو دەبێت لەشوێنێك دابنرێت هەموو پێداویستیەکانی ژیانی بۆ دابنرێـــت و فێری خوێندن بکرێت و ئەگـــەر توانرا فێری پیشەیەکیشـــی بکەن و هەوڵبدرێـــت ئەو شـــوێنەی بۆ بکەن بە ماڵـــی دووەمی بۆ ئـــەوەی کە ئازادبوو روو لە کاری لەشفرۆشی نەکاتەوە.

**ئامادەکردنی: دیار سالار**



**دایك وباوك ڕۆڵێكی سەرەكی دەبینن لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانی منداڵەكانیان. هەروەها هەموو دایك و باوكێك پێویستە پێش ئەوەی منداڵەكانیان ژیانی هاوسەری پێك بهێنن ئامۆژگاریان بكەن، بۆئەوەی لەكۆتاییدا پرۆسەی هاوسەرگیرییەكەیان سەركەوتوو بن. سەبارەت بەم مەسەلەیە ڕاو بۆچوونی چەند كەسێكمان وەرگرتوە.....**

## نابێت ئافرەت خیانەت لەهاوسەرەكەی بكات، هەروەها دەبێت ڕێزی بگرێت

فاتیمە ئەحمەد تەمەنی ٤٥ ساڵە خاوەنی پێنج منداڵەو دەڵێت « لەسەر هەموو دایك باوكێك پێویستە پێش ئەوەی منداڵەكانیان ژیانی هاوسەری پێك بێنن ئامۆژگاری كچ و كوڕەكانیان بكەن. من خاوەنی پێنج كچم تاكو ئێستا سێ كچم ژیانی هاوسەریان پێك هێناوە و پێش ئەوە بگوازرێنەوە ئامۆژگاری كچەكانی خۆم كردوە كە چۆن ڕێز لەهاوسەری خۆیان بگرن. چۆن ماڵ بەڕێوەبەرن و خزم وكەسی هاوسەری خۆیان خۆش بوێت بەڕێزبن لەگەڵ خەڵك. چونكە كاتێك كچ یان كور دەكەونە نێو ژیانی هاوسەری ئەوكات ئەركی كیان قورستر دەبێت. هەروەها ژن بناغەی ماڵە ئەگەر نەتوانێت ئەم بناغەیە بەجوانی بەڕێوەببات، ئەوا ئەو پرۆسە هاوسەرگیرییە سەرناكەوێت.

ئارەزو نەجات تەمەنی ٢٣ ساڵە و ماوەی ساڵێكە ژیانی هاوسەری پێكهێناوەو دەڵێت « پێش ئەوەی ژیانی هاوسەری پێك بهێنم. هەموو كات دایكم ئامۆژگاری دەكردم كاتێك شووم كرد چۆن ڕێز لەهاوسەرەكم بگرم و هەروەها خزمەتی بكەم و خیانەتی لەگەڵ نەكەم و لەقسەكانی دەرنەچم خۆشم بوێت. ئێستاش هەموو قسەكانی دایكم جێبەجێ كرد ژیانم زۆر خۆشە.

هەروەها «هێژا یوسف» تەمەنی ٢٥ ساڵەو ماوەی دوو ساڵە ژیانی هاوسەری پێكهێناوەو دەڵێت « كاتێك چ كوڕ چ كچ ژیانی هاوسەری پێك دەهێنێت گۆڕان لە ژیانیدا ڕوودەدات. پێش ئەوەی ژیانی هاوسەری پێك بهێنم دایكم و باوكم هەموو كات پێیان دەوتم كاتێك ژنت هێنا نابێت ئەو هەڵسو كەوتەی ئێستات هەیە ئەو كات هەتبێت. دەبێت ڕێزی هاوسەرەكەت بگری خۆشت بوێتن و ئەو شتانەی بۆماڵ پێویستە ڕۆژانە دەبێت دەبینی بكەیت وبتوانیت ڕۆژانە خەرجی ماڵ پەیدابكەیت و خیانەت لەهاوسەرەكەت نەكەیت.

خەندە حەیدەر تەمەنی ٢٨ ساڵەو ماوەی دوو ساڵە ژیان هاوسەری پێكهێناوەو دەڵێت « پێش ئەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری بكەم هەموو كات دایكم ئامۆژگاری دەكرم پێی دەووتم دەبێت ڕیزی هاوسەری خۆم بگرم و بزانم چۆن هاوسەرەكەم بۆخۆم ڕابكێشم و هەروەها بایەخ بەخۆم بدەم كاتێك هاوسەرەكەم گەڕایەوە ماڵ خۆم جوان بكەم و بەدڵێكی خۆشەوە پێشوازی لێ بكەم و زۆر هاتۆ چۆی ماڵی خەسوم نەكەم و بەتەنیا نەچم بۆ بازاڕ خواردنی خۆشی بۆ ئامادەبكەم، چونكە دەی ووت پیاو ئەم شتانەی لە خێزانەكەی خۆی دەوێت.

## دایك و باوك ڕۆڵێكی سەرەكیان هەیە پێش ئەوەی منداڵەكانیان پرۆسەی هاوسەرگیری پێك بێنن

ئاشنا زرار ماوەی ٥ساڵە ژیانی هاوسەری پێك هێناوەو دەڵێت «دایك وباوك ڕۆڵێكی سەرەكیان هەیە بۆ منداڵكانیان لەبەخێوكردن و ئامۆژگاری كردنیان، بەتایبەت لەو تەمەنەی كەدەچنە پرۆسەی هاوسەرگیری چونكە چ كچ چ كوڕ نازانێت ژیانی هاوسەر گیری چۆنە نازانێت چۆن ڕەفتارو هەڵسو كەوت بكات. چۆن ماڵ ومنداڵ بەخێو بكات بۆیە لەسەر هەموو دایك و باوكێك پێویستە ئامۆژگاری منداڵەكانیان بكەن.

ئارام حوسێن تەمەنی سی ساڵە ماوەی سێ ساڵە ژیانی هاوسەری پێكهێناوەو دەڵێت « هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانت كارێكی زۆر سەختە چ بۆكچ چ بۆكوڕ چونكە كچ و كوڕەكە شارەزای یەكتر نین. هەروەها نازانن خێزانەكانیان چۆنە، جابۆیە لەسەر هەموو دایك و باوكێك پێویستە ئامۆژگاری منداڵەكانیان بكەن بۆهەڵبژاردنی ژیانی هاوسەری، یان بۆئەوەی هاوسەرگیرییەكەیان سەركەوتوو بێت و بتوانن ژیانێكی خۆش بەسەر بەرن، من پێش ئەوەی ژیانی هاوسەری پێك بێنم دایكم باوكم زۆر هاوكارم بوون لەهەڵبژاردنی هاوسەرەكەم و هەمووكات دەیان وت یەكێك دەست نیشان بكە لەگەڵ ئێمە بگونجێت و ڕێزت بگرێت و خیانەتت لێنەكات.

## ژیانی ئێستام زۆرجیاوازە لەچاو چوار ساڵ پێش ئێستا

ئاری موحسین تەمەنی ٢٩ساڵەو چوار ساڵە ژیانی هاوسەری پێكهێناوە ووتی «ئێستا ژیانم لەچاو چوار ساڵ پێش ئێستا زۆر جیاوازە ئەوكات ڕۆژانە ئێواران بەدڵی خۆم دەگەڕامەوە ماڵ و خەرجیم كەمتر بوو، خەمم كەمتر بوو ئەوكات هەموو كات باوكم دایكم پێیان دەووتم ژن بهێنی نابێت وەكو ئێستا بی، دەبێت ئێواران زوو بگەڕێیتەوە ماڵەوەو هەروەها بایەخ بە ماڵەوە بدەی دڵی ژنەكەت ڕازی بكەیت و خەرجی بۆ ماڵ پەیدابكەیت و هەفتانە هاوسەرەكەت ببەیتە دەروە. بۆیە ئێستا ئەركم زۆر قورسترە بەڵام ژیانم زۆرخۆشە.

## هیچ دایك باوكێك حەزناكات ژیانی منداڵەكانیان ناخۆش بێت

بەهزاد محەمەد ئەمین توێژەری كۆمەڵایەتی لە وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی ووتی « لەسەر هەموو دایك و باوكێكە ئامۆژگاری منداڵەكانیان بكەن لەهەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیاندا چ كەسێك دەگونجێت لەگەڵیان، بۆیە پێویستە منداڵەكانیان گوێ ڕایەڵی ئەورێوشوێنانەبن كەدایك و باك بۆیان دادەنێت، چونكە هیچ دایك و باوكێك حەز ناكەت ژیانی منداڵەكەی ناخۆش بێت.



# مۆبایل خێزانێک لەناو دەبات

هێرۆ کچێکی هەرزەکار بوو لەقۆناغی دووەمی ناوەندی لەیەکێك لەقوتابخانەکانی ناوشاری هەولێر دەیخوێند. باوك و دایکی فەرمانبەر بوون و خێزانەکەشیان تارِاددەیەك رۆشنبیر بوون، ماڵیان لە یەکێك لە گەڕەکە هەژار نشینەکانی ناوشاری هەولێربوو، هێرۆ وەك هەموو کچێکی تری ئەم وڵاتە لەتەمەنی هەرزەکاریدا هەستی بەهەراشبوونی تواناکانی دەکرد، بێگومان لە کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتیدا کە هەموو جۆرە شتێك و هەڵسوکەوتێکی تاکەکان سانسۆری لەسەرە، تەنانەت هەموو جۆرە جموجۆڵێکی مرۆڤ سانسۆری بۆدانراوە زۆر زەحمەتە بۆکچێك بتوانێت لەناو کۆمەڵگەیەکی وەهادا لەهەموو جۆرە گۆڕانکارییە فسیۆلۆژییەکان تێبگات.

**ناسینی ئەیوب**

هێرۆ سەرەتا بەهۆی برادەرێکی کچییەوە، ئەیوبی ناسی، ئەیوب خاوەنی دووکانێکی ماکیاژ فرۆشتنی ئافرەتان بوو، زۆر ئارەزووی تێکەڵبوونی لەگەڵ کچاندا دەکرد، هەموو هەوڵێکی خۆی دەخستە کار بۆ ئەوەی بتوانێت هێرۆ وەها لێبکات کەخۆشی بوێت.

ئەوەبوو هێرۆ کەوتە داوی خۆشەویستی لەگەڵ ئەیوبدا، ئەیوب یەکەم جار بەقسەی خۆش و پاڕانەوە خۆی لە هێرۆ نزیك کردەوە، دواتر وردە وردە ئەیوب وای لە هێرۆ کرد کە زۆری خۆش بوێت و دوای ماوەیەك دێتە داوای،

بەڵام ئێستا باری ئابووری باش نییە پێویستی بەوە هەیە کە هاوکاری بکات و ئەم ماوەیە پێوەندی خۆشەویستی هەبێت لەنێوانیاندا، ئەوەبوو هێرۆ زۆربەی رۆژەکان کە لە قوتابخانە دەهاتە دەرەوە یەکسەر ئەیوب چاوەڕێی دەرکرد و بەسەیارەکەی ئەیوب دەچوون بۆ پیاسەکردن، ئیتر لەئەنجامی ئەم هەموو تێکەڵاویە زۆرەی کەلەنێوانی ئەیوب و هێرۆدا دروست بوو، ئەیوب لە ئامانجە شاراوە و حەزە سێسکییەکانی نزیك ببووەوە.

**وێنەگرتنی هێرۆ بەمۆبایل**

پاشماوەیەك ئەیوب توانی لەیەکێك لە گەشتەکانیدا کاری بەدڕەوشتی لەگەڵ هێرۆدا بکات و وێنەشی بەمۆبایل بگرێت، دوای ئەم رووداوە هێرۆ پەشیمان بۆوە و چەند جارێك ئەیوب ئەهاتە سەر رێگەی بۆ ئەوەی کە بەیەکەوە بڕۆن بۆ کاری سێکسی و نابەجێ، بەڵام هێرۆ خۆی لێدەدزیەوە و هەوڵی دەدا هەرچۆنێك بێت خۆی لەو کوڕە دوور بخاتەوە کە ئەم کێشەیەی بۆدروستکردووە.

ئەوەبوو هێرۆ توانی خۆی بۆماوەیەکی کاتی لەم کوڕە رزگار بکات، بەڵام ڕزگار بوونەکەی زۆری نەخایاندوو هەر زوو ئەو وێنانەی کەئەیوب گرتبووی بڵاوبۆوە و کەوتبووە دەست چەند کوڕێکی گەڕەك، ئە و



کوڕانەش بەئارەزووی خۆیان بەبلوتوس وێنەکەی هێرۆیان بۆیەکتری دەنارد، لەئەنجامدا ئەم وێنانە دەست باوکی هێرۆ دەکەوێت، ئەویش لەداخ و خەمی کچەکەیدا یەکسەر جەڵتە لێی داو کەوتە ناوجێ و دایکیشی لەخەمدا هیچی پێنەکرا، هەر ئەوەندە نەبێت کەکچەکەیان بۆماوەیەك لەماڵەوە بەند بکەن و نەهێڵن بچێتە دەرەوە، بەڵام زۆری پێنەچوو هێرۆ توانی بەهۆی کچێکی دراوسێیانەوە لە ماڵەوە رابکات.

**بەرەو هەڵدێر**

ئەگەر تائێستا هێرۆ رێگەیەکی لەبەردەمدا بوو کە رزگاری بێت، ئەوە لەبەردەمیدا نەما لەبەر ئەوەی کە ئەو ویستی لەو زیندانە هەڵبێت کەماڵی باوکی بۆیان دروست کردبوو، بەڵام نەیزانی ئەم جارەیان دەکەوێتە ناو زیندانێکەوە کە هەموو کۆمەڵگەو ئایینەکانیش نەفرەتیان لێکردووە، هێرۆ کە لە ماڵەوە رایکرد چووە ماڵێك کە تەنیا کاریان لەشفرۆشی بوو، لەو ماڵەشدا لەگەڵ ژنەکە دەستیان کرد بەکاری لەشفرۆشی و هەتا دەستگیرکران و خرانە کونجی زیندانەوە.

بۆ زیاتر روونکردنەوە لەسەر ئەم رووداوە بەڕێز خاتوو پەرێز عەبدولڕەحمان وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی ئاماژەی بەوەدا کە پێویستە لەلایەن دایك و باوکانەوە زۆر چاودێری منداڵەکانیان بکەن، بەتایبەتی کچەکانیان لەتەمەنی هەرزەکاریدا، چونکە وەك خۆمان دەزانین ئەو تەمەنە زۆر هەستیارە بۆ هەموو مرۆڤێك و گرنگی هەیە بۆداهاتووی، لەبەر ئەوە دایکان بەتایبەتی رۆڵێکی زۆر گەورە دەگێڕن بۆ پارستنی ناوبانگی کچەکانیان، دەبێت هەموو دایکێك بزانێت کچەکەی کاتێك دەچێتە دەرەوەی ماڵ چی دەکات و بزانێت ئایە برادەری خراپی هەیە یان نا، ئەمانە هەموو لەژیانی هەرزەکاراندا گرنگن، ناوبراو هەر لەدرێژەی قسەکانیدا دەربارەی مەترسییەکانی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل وتی: زۆر پێویستە لەلایەن رێکخراوەکانی ژنانەوە هەوڵبدرێت هەموو کۆمەڵگە بەرامبەر بەهەموو مەترسییەکانی خراپ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ بەتایبەتی مۆبایل هۆشیار بکرێنە، واتە دەبێت ئێمە بزانین مۆبایل لەکوردستاندا بۆتە گەورەترین و ترسناکترین کێشە بۆ هەموو تاکێك، چونکە تاکەکانی ناو کۆمەڵگەی ئێمە بەس ئەوەندە دەزانن کە مۆبایل بەکار بهێنن ئیتر حساب بۆ ئەنجامەکانی ناکەن، لەکاتێکدا ئەگەر خراپ بەکار بهێنرێت من بەباشی دەزانم هەوڵی جددی بدرێت بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکان دەربارەی مەترسییەکانی ئەم ئامێرە کەخەریکە دەبێت بە ئامێرێکی کوشندە بەرامبەر بە ئافرەتان.

# دایکێک بوو بەقوربانی کەمتەرخەمییەک

ئا: دیار

هێشتا شەبەنگی بەرەبەیان تازە خەریك بوو بە بەرگی ئاڵ و واڵاوە لە دەمکەلەوە هەڵبێت و تازە بریسکەی خۆر ماچی زەوی بکات و شەوەزەنگی تاریکی راوبنێت، لەناکاو دایکی ئاڤێستا ئازارێکی زۆر لەناودڵیدا و لەسەر سینگی پەیدا بوو، هەر لەوکاتەدا هەرچۆنیك بوو باوکی و ئاڤێستای کیژی دایکەیان بۆ مەبەستی چارەسەرکردن گەیاندە نەخۆشخانە، بەڵام وەك هەموو جارێك لەجارەکان لەنەخۆشخانە باری تەندروستی زیاتر خراپ دەبوو ، هەربۆیە گەیاندیانە لای ئیکلینیکی پزیشکێکی پسپۆر کە بەناوباشترین و داناترین پزیشکی شارەکەیە، ئەویش بەزوویی فەرمانیدا هەندێك دەواودەرمانی حەوانەوە و بیهۆشکردنی بدەنێ تا کەمێك ئازەرەکانی برەوێتەوە، هەرچۆنێك بێت باری تەندروستی بەرەوە باشبوون بروات و بۆئەوەش کە بەتەواوی چارەسەر وەربگرێت پزیشك وای بەباشزانی کە نەخۆشەکەیان لەنەخۆشخانەیەکی تایبەتی واتە(ئەهلی) داخڵ بکەن بۆ ئەوەی چارەسەری تەواوەتی لەوێ وەربگرێت، منداڵەکانیشی ئەوەندە دایکیان خۆشدەویست هەرچۆنێك بێت بردیان بۆنەخۆشخانەی (..........) ئەهلی کەبەناوبانگترین نەخۆشخانەی تایبەتیە لە شارداو گرانترین نرخی هەیەو، پزیشکە بەناوبانگەکان لەوێ چارەسەری نەخۆشەکان دەکەن و نەخۆشخانەکە پڕە لەبەردەستی ئەسیوبی و بەنگلادیشی و نرخی بتلێك ئاو دووقات و سێقاتی هەمان نرخە لەدەرەوە،هەروەە خزمەتگوزارییەکانی دیکەش هەمان شێوەن بەڵام هەرئەوەندەی خۆشبوو ئێوارەیبەسەرداهات وەك شانەی هەنگ هەموو پزیشك و کارمەندەکان بڵاوەیان لێکرد و پزیشکی ئێشکگر وەك هەموو کاتێك لەژوورەکەی خۆیدا دەرگای لەسەر خۆی داخست و دەنگی تەلەفیزۆنەکەی بڵندکرد نەبادا نەخۆشێك داوای شتێکی لێبکات بۆئەوەی بڵێت گوێم لێنەبوو، کاتێك کەسوکاری نەخۆشەکە بەدوای پزیشکێك یان کارمەندێکدا دەگەڕان دەبوو هەموو کون و قوژبنێکی نەخۆشخانەکە بپشکنن تا بیدۆزنەوە، ئاڤێستاش چاوەڕێی دەکرد بەڵکو خودای تاك و تەنیا فریایان بکەوێت و لەم چرکەساتەرەشە دەربازیان بکات، یان وەك لە چیرۆکە کۆنەکاندا هاتووە خدری زیندە یان هەر پیاوچاکێك پەیدابێت و دایکی لەو ئازار و نەخۆشیە رزگار بکات، یان زانایەکی ئەوروپی بەهەڵە رێگەی بکەوێتە کوردستان و فریای ئەم نەخۆشانە بکەوێت.

لەناکاو دایکی ئاڤێستا باری تەندروستی زۆر تیکچوو ، هاواری کرد و یەکسەر بوورایەوە، ئاڤێستاش هاواری کرد بەرەوە ژووری پزیشکی ئێشکگر، بەڵام وەڵامی نەبوو دوای نیوسەعات پزیشکە ئێشکگرەکە هات و لەدوورەوە تەماشای کرد و وتی تەواو مردووە خێرا لەسەر ئەم قەرەوێڵەیە لایبەرن هەرچەندە ئاڤێستاو خوشکەکەی و برایەکەی زۆر لە پزیشکەکە پاڕانەوە، بەڵام بێسوود بوو هەر هاواریان دەکرد کە دایکمان نەمردووە فریامان کەون، هیچ کەسێك وەڵامێکی بۆئەوان پێ نەبوو، تەنانەت پزیشکەکە زۆر بێڕەحمانە فەرمانی دا کە دایکی ئاڤێستا لابەرن، چونکە مردووە ناکرێت مردوو لەسەر سیسەم بێت و تەرمەکە برایە دەرەوە.

مرۆڤێك کەخودای تاك و تەنیا بەجوانترین و ناسکترین شێوە دروستی کردووە هێندە نرخی کەمە سیسەمێکی پێ رەوا نەبینرێت کە لەئاسنێکی رەق و تەق دروستکراوە، ئیتر لێرەوە نازانین ئایە دایکی ئاڤێستا مرد یان نەمرد، بەڵام من ئەوەندە ئاگاداربووم بردیان بۆ مزگەوت زۆر پاکو خاوێن شتیان و پاشان بەخاکیان سپارد بێگومان دوای بەخاك سپاردن ئیتر رۆحی دایکێك بەسەر زەوی لە باڵەفڕەی دا بەرەو ئاسمان چوو ،ئەمە نموونەیەکی راستییە کەرۆژانە چەندین کەس لەم وڵاتەدا بەرەو کاروانێکیتر دەبات.



# قوتابییانی زانکۆ چ هـ

هـــاوڕێ، هاوڕێیەتی، هاوڕێی باش، هاوڕێی خراپ،هاوڕێی بەرژەوەندیخواز کۆمەڵە چەمکێکن لەهەموو سەدەیەك و سەردەمێکدا بیروڕای بیریاران و کۆمەڵناسانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە، لەهەرسات و کاتێکدا و بە تێڕامان لە ئاســتی ڕۆشنبیریی تاکەکانی کۆمەڵگەکان و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکتردا باس و خواســتی تایبەتیان لەسەرکردووە سەرەڕای ئەوەی ئەم چەمکانە بەرهەمی هەناوی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکانە لەگەڵ یەکتردا، یەکێکە لەو پێویستیانەی کە مرۆڤ ڕۆژانە وەکو بوونێکی کۆمەڵایەتی سەروکاریی لەگەڵدایە، باسکردن لە هاوڕێیەتی کاتێك باســکردنێکی تەندروستانەیە کە ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لەبەرچاو بگیرێت بەتایبەتیش کە ئێستا سەردەمی ئاوێتەبوونــی کەلتــورەکان و جیهانگەرایـــی و تەکنەلۆژیایە.

**«هاوڕێی بەرژەوەندیخوازی لەهەموو کاتێکدا تەنیا بیر لە بەرژەوەندیەکانی خۆی دەکاتەوە»**

ئومێــد عەلی قوتابی کۆلێــژی کارگێڕی و ئابوری زانکۆی ســلێمانی جۆرە هاوڕێیەتییەکی پێباشــە کە توانای بیرکردنــەوەو ئەزموونکردنی هەبێــت لەو ڕووداو و پێشــهاتانەی کە لە ژیانی واقعیدا کەسەکان،کەســێکی زۆر ڕاستگۆ بێت و لەو جۆرە کەسانە نەبێت کە هاوڕێیەتی پێقبوڵبێت تەنیا بۆ کات بەسەربردن، هەروەها پێیوایە کە دەبێت هاوڕێ توانای دەرککردنــی هاورێیەتی هەبێت لەبەرامبەر هاورێکانیــدا و پێیبزانێت لەبەرئەوەی ئەم سیفەتانە وادەکات کە مرۆڤ سەرکەوتووبێت لە ژیاندا و کەمترین هەڵە بکات،هەروەها سەبارەت بە هاورێی بەرژەوەندیخوازیش باوەری وایە کە ئەو جــۆرە هاورێیانە لەهەموو کاتێکــدا تەنها بیر لە بەرژەوەندیەکانی خۆی دەکاتەوە بەبێ گوێدانە ئەو ســوودە یان ئەو زیانەی بەر هاورێکەی دەکەوێت هەربۆیــە تەمەنی ئەم جۆرە هاورێیەتیە زۆرنابێت و کورتخایەنە چونکە هەمیشــە لەشکستدادەبێت و شــتێك لەلای ئەو درووســت نابێت بە مانای هاورێیەتی.

شــەماڵ علی ئەحمــەد قووتابــی زانکۆی ســلێمانی باســی لەوەکرد کە هاورێیەتی یانی هاورێی باش،هاورێی باشــیش دەبێت کەســێکی کۆمەڵایەتی بێت لەبەرئەوەی سروشــتی مرۆڤ وایــە کە بوونەوەرێکــی کۆمەڵایەتییەو ناتوانێت بــە تەنیا بژێــت و تەنیا بیر لەخــۆی بکاتەوە لەبەرئەوەی تێکەڵاوبــوون و کۆمەڵایەتیبوون وا لــە مرۆڤ دەکات کە لــە کۆمەڵگەکەی خۆی تێبگات و کەمترین کێشە بۆ خۆی بۆ هاوڕێکانی دروستدەکات، هەروەها بۆچوونی وابوو کە دەبێت هــاوڕێ زۆر واقیعبین بێــت لەبەرئەوەی ئەمە مەرجە بۆ ســەرکەوتنی هاوڕێیەتی و شتێکیش کــە بەلای منەوە زۆر گرنگــە ئەوەیە کە دەبێت ئینتیمای هەبێت بــۆ پیرۆزیەکانی وەکو گەل و نیشتمان و خاك و هاوشێوەی ئەمانە لەبەرئەوەی ئەمەش وادەکات کە بەشــێوەیەکی ناراســتەوخۆ لەبەرژەوەندیخوازیی خۆی دووربکەوێتەوە چونکە هاورێی بەرژەوەندیخواز بیــر لەبەرژەوەندیەکانی تاکەکانی دەرەوەی خۆی ناکاتەوە.

ســارا فەتاح عوزێــر کچــە قوتابی قۆناغــی چوارەمی زانکۆی ســلێمانی بەسەرســوڕمانەوە باســی لەهاوڕێیەتی دەکــرد و پرســیار و گومانی لەســەر هاوڕێیەتی لەقســەکانیدا دەردەکەوت و بــاوەڕی وابوو کــە هاوڕێیەتی خەریکە مانای خۆی لەدەستدەدات و شتێکی تر جێگــەی دەگرێتەوە کە لە فەرهەنگــی هاورێیەتیدا جێگــەی نابێتــەوە لەبەرئەوەی هاورێیەتی یانی دۆســتی گیانی بەگیانی و خۆشەویستی و هەمیشە هەواڵپرسینی یەکتر بەڵام ئەم جۆرە ســیفەتانە خەریکە نامێنن یــان ونن، بۆچوونیشــی وابوو کــە هاوڕێیەتی لەکەســێکەوە بۆ کەســێکی تر دەگۆڕێت بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بوونی ئاستی ڕۆشنبیری و ئەو پەروەردەیەی کە کەسێك هەیەتی کارگەریی زۆری هەیە لەســەر درووســتبوونی ســیفەتی هاوڕێیەتی،ئــەو دوو ســیفەتەش کە هاوڕێیەتی لەبەرچــاوی من ناشــرین کــردووە بریتیین لە حەسوودی و بەرژەوەندی تایبەتی و خۆخوێندنەوە نــەك بەرامبەر خوێندنەوە و من بەم هۆیەوە باجی زۆرمداوە بــەڵام ئەمەش مانای ئــەوە نییە کە بەتەواوی واز لە هاورێیەتی بێنم.

ســامان مەولود کەریم وەکو قوتابیەکی تری زانکۆی سلێمانی پێیوایە کە هاوڕێ ئەو



# ـــــاوڕێتیەکیان پێ قبوڵە؟

کەسەیە کە لەکاتی تەنگانەدا زیاتر لەکاتەکانی تر لەگەڵتدایە و پشتیوانی لەکارە باشەکانت دەکات و ئاگادارت دەکاتەوە لە کارە هەڵەکانت، هەروەها دەبێت هاوڕێ کارە نهێنیەکانت بپارێزێت و راستگۆبێت و مافی هاوڕێیەتی بە بەرامبەرەکەی بدات، هەروەها باوەڕیشی وابوو کە دەبێت قوتابی لە پێوەندی هاوڕێیەتیدا عەقڵانیانە بیربکاتەوە نەك بە عاتفی و سۆزدارانە و تەنیا بەیەك چاو سەیری هاوڕێکانی بکات و سنووری هاوڕێیەتی ببەزێنێت، پێوەری هاوڕێیەتیش ئەوەیە کە نابێت نیگەرانی لای هاوڕێکەی بەرامبەری دروستبکات لەبەرئەوەی هاوڕێیەتی بە گرنگترین پەیوەندی کۆمەڵایەتی دادەنرێت ئەمە جگە لەوەی بوونی خۆشەویستی و متمانەبوون لە سیفەتە گرنگەکانی هاوڕێیەتیەو دەبێت هەمیشە لە هاوڕێیەتیدا هەبن، هەروەها بۆچوونی وابوو کە نابێت جیاوازیی لە بیرکردنەوەو جیاوازی لە بژێوی ژیان کاریگەری سلبی بکاتە سەر پێوەندی هاوڕێیەتی لەبەرئەوەی پێوەندیی هاوڕێیەتی پیرۆزە و نابێت سنوورەکانی ببەزێنرێت.

دەشنێ عەزیز محەمەد قوتابی قۆناغی دووەمی زانکۆی سلێمانی سەبارەت بە هاوڕێی راستەقینە پێیوابوو کە راستگۆیی و خۆشەویستی هاوڕێیەتی لەسەرەکیترین پێوەندی هاوڕێیەتین و دەبێت لەلای هەموو قووتابیەکی زانکۆ بوونی هەبێت و ببێتە سیفەتێکی سەرەکی لەلایان،هەرکاتێکیش هاوڕێ بەنییەتێکی بەرژەوەندیخوازانە مامەڵەی لەگەڵ هاوڕێکەی تریدا نەدەکرد ئەوا دەتوانین بڵێین هاوڕێیەکی باشە و شایانی ئەوەیە تەنانەت نهێنیەکانیشتی لەلا باسبکەیت بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەم سیفەتە زۆرەو لەنێوان هاوڕێیاندا کێشەی دەروونی دروست کردووەو پاشان بۆتە هۆی ئەوەی کە پێوەندی کۆمەڵایەتی و پێوەندی هاوڕێیەتیش بشێوێنێت.

فەرهاد سەعید جەمالیش وەکو قوتابیەکی زانکۆ باوەڕی وابوو کە هاوڕێیەتی چۆنێتییە نەك چەندێتی واتا باشی و خراپی لە هاوڕێیەتیدا نییە بەڵکو پلەکانی هاوڕێیەتی هەیە، هاوڕێیەتییەك کە وابکات کەسەکان هیچ شتێکی شاراوەیان نەبێت لەنێوان یەکترداو لەقووڵترین و تاریکترین خاڵی ناخی یەکتر بگەن کە جیاوازە لە هاودەمی بوون کە تەنیا کۆمەڵێك باس و بابەت پێکیانەوە دەبەستێتەوە، هەروەها بۆچوونیشی وابوو کە هەر کاتێك هاوڕێیەتی ئامانج بوو نەك هۆکار ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەپێوەندی هاوڕێیەتیدا سەرکەوتن بەدەستبێنێت،هەروەها وتیشی ئەگەر هاوڕێکان متمانەیان بە بوونی نیەتێکی باشی بەرامبەرەکانیان نەبێت یان بە مانایەکی تر کە دەمامك لەبەرامبەر یەکتر بەکارهێنن ئەوا هەرگیز مانای راستەقینەیی هاوڕێەتی نایەتەدی و بەرجەستە نابێت ئەگەر هاوڕێیەتی ئامانجی خۆی لەدەستداو بوو بەهۆکارێك بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکان ئەوا مانای هاوڕێیەتی ناگەیەنێت و بە جوانی بەرهەم نایەت.

**ئا: رووخۆش محەمەد کەریم**

